# له پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی یەکەم) چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی پیتی (و)

**ئامادەکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە**

2022

**چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی پیتی (و)**

**پیتی (و) لە زمانی کوردییدا، لە هەندێک وشەدا بە یەک (و) لە هەندێک وشەدا بە دوو (و) ڕێنووس دەکرێت و دەنووسرێت کە پەیوەندیی بە پیتی بزوێن و نەبزوێنی پیتی (و)ەوە هەیە، واتە: بەپێی شوێنی لە سەرەتا و ناوڕاست و کۆتایی وشەدا، هەروەها بە پێی یاساکانی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا ڕێنووس دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.**

**چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (وو):**

**یەکەم /پیتی (وو) لە سەرەتای وشە:**

**لە سەرەتای وشەدا پیتی (و) بە (وو) نانووسرێ، چونکە پیتی (وو) بزوێنە و پیتی بزوێنیش ناکەوێتە سەرەتای وشەوە. نموونە: وزە، وژە، وڕە، وشە، وتن، وتار لەگەڵ وڵات. (واتە هەموو پیتێکی (و)ی سەرەتا نەبزوێنە).**

**دووەم /پیتی (وو) لە ناوڕاستی وشەوە:**

**ئەگەر هەردوو دیوی پیتی (و) نەبزوێن بێت، بە (وو) دەنووسرێت. نموونە: ڕوون، ژوور، چوون، پوول، بوون، سوور، لوول، نووسین، ئابووری، نووستن لەگەڵ نموونە. جگە لە وشەی (کوڕ) گەر بە (و) بنووسرێ واتاکەی دەگۆڕێ و دەبێتە (کووڕ).**

**سێیەم /پیتی (وو) لە کۆتایی وشەوە:**

**پیتی (وو) گەر کەوتە کۆتایی وشە، بەمەرجێ لە پێشییەوە پیتی نەبزوێن هەبوو، بە (وو) دەنووسرێت. نموونە: بەڕوو، پەموو، توو، چوو، دوو، ڕابردوو، ڕوو، زوو، سنجوو، شوو، فوو، مازوو، لوو، موو لەگەڵ هەموو.**

## چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (و)

**یەکەم** /پیتی (و) لە سەرەتای وشە:

ئەگەر وشەیەک بە پیتی (و) دەستپێبکات، دەبێ بە یەک (و) بنووسرێت چونکە سەرەتای هەموو وشەیەک دەبێ پیتی نەبزوێن بێت. نموونە: وەرە، وەرزش، وازی، وەستان، ویستن، ویژدان لەگەڵ واتا.

**دووەم** /پیتی (و) لە ناوڕاستی وشەوە:

پیتی (و) لە ناوڕاستی وشەدا بە (و) دەنووسرێت گەر پیتی پێش و دوای خۆی بزوێن بێت، نموونە: ساوا، قەوی، ساواک، ساوەر.

**سێیەم** /پیتی (و) لە کۆتایی وشەوە:

پیتی (و) لە کۆتایی وشە بە یەک (و) دەنووسرێت گەر پیتی پێشی بزوێن بێت. نموونە: ئاو، خاو، چاو، پلاو، خۆشاو، ماستاو لەگەڵ سلقاو.

## لە پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی دووەم) چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی پیتی (ی)

### چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی پیتی (ی)

پیتی (ی) لە زمانی کوردییدا، لە هەندێک وشەدا بە یەک (ی) لە هەندێک وشەدا بە دوو (ی) ڕێنووس دەکرێت و دەنووسرێت کە پەیوەندیی بە بزوێن و نەبزوێنی پیتی (ی)ەوە هەیە، واتە: بەپێی شوێنی لە سەرتا و ناوڕاست و کۆتایی وشەدا هەروەها بە پێی یاساکانی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا ڕێنووس دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

### چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (ی):

**یەکەم** /پیتی (یی) لە سەرتای وشە:

پیتی (ی) بە (یی) نانووسرێ، لەسەرتای هیچ وشەیەک. هەموو سەرەتای وشەیەک دەبێتەوە بە یەک (ی).
نموونە: یادەوەری، یادگار، یاساوڵ لەگەڵ یارسان.

**دووەم /پیتی (یی) لە ناوڕاستی وشەوە:**

پیتی (ی) لە ناوڕاستی وشەوە دێت، پیتی پێشی بزوێن یان نەبزوێنە. نموونە: ئایین، زایین، بییر.

**سێیەم /پیتی (یی) لە کۆتایی وشەوە:**

پیتی (ی) لە کۆتایی وشە بە (یی) دەنووسرێت لە چەند بارێکدا:

1-هەرکاتێک باسی جێگەی لەدایکبوونمان کردن یان وەک نازناو. نموونە: ئازاد کۆیی، سەروەر شارەزووریی، مەلا مەحمودی بایەزیدیی لەگەڵ حەمە چوارباخیی.

2-ئەگەر هاوەڵناومان وەک ناوی واتایی بەکارهێنا. نموونە: گەرمیی، ساریی، بەرزیی، دانایی، زانایی لەگەڵ درێژیی.

3-پیتی (ی) لە کۆتایی وشە (دیارخراو) بە (یی) دەنووسرێت ئەگەر گرێی ناوی درووستبکات:
ناو + ی + ناوی واتایی نموونە: ڕووداوی مێژوویی، ئاماری جوگرافیی، زمانی کوردیی، بزافی نیشتیمانیی، باوەڕی نەتەوەیی.

تێبینی/ هەندێک جار لە ڕستەدا وا ڕێکدەکەوێت پیتی (ی) سێ جار بارەدەبێتەوە بەدوای یەکدا:
-کاتێک ڕستەیەک کارەکەی ناتەواوبێت. نموونە: ئەو کارە زانابییە.
-کاتێک ناوێکی واتایی بە ئامرازی (ان) کۆبکرێتەوە: نموونە: ئەو کارە زانستیییانەیە.

چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (ی):

**یەکەم /پیتی (ی) لە سەرتای وشە:**

ئەگەر وشەیەک بە پیتی (ی) دەستپێبکات، بە یەک (ی) دەنووسرێت چونکە سەرەتای هەموو وشەیەک دەبێ پیتی نەبزوێن بێت. نموونە: یار، یاد، یاوەر، یەزدان، یەدەک لەگەڵ یاسا.

**دووەم** /**پیتی (ی) لە ناوڕاستی وشەوە:**

**پیتی (ی) لە ناوڕاستی وشەدا بە (ی) دەنووسرێت. بەمەرجێک پێش و دوای خۆی نەبزوێن بێت. نموونە: بارین، هارین، ڕیچ، ژیشک، فیکە، لیرە، دیزە لەگەڵ هیزە.**

**سێیەم** /**پیتی (ی) لە کۆتایی وشەوە:**

**1-پیتی (ی) لە کۆتایی وشە بەیەک (ی) دەنووسرێت پیتی پێشیان بزوێن بێت یان نەبزوێن، نموونە: کانی، خانی، بی، دی، وی، وای، دەی لەگەڵ سی.**

**2-پیتی (ی) لە کۆتایی وشە بە یەک (ی) دەنووسرێت ئەگەر گرێی ناوی دروستبکات:**

**-ناو + ی + ناو نموونە: ئاوی کانی، دانیشتووی کوێستان، خەڵکی گەرمیان.**

**-ناو + ی + هاوەڵناو نموونە: ئاوی گەرم، حەمامی سارد، چێشتی سوێر، هەناری سوور.**

## لە پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی سێیەم)

## وانەی یەکەم چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی هاوەڵناوی چۆنییەتیی

### چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (هاوەڵناوی چۆنییەتیی)

**ئاوەڵناو وشەیەکە وەسفی ناو دەکات، لەناو ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناو و گرێی ناوی دروستدەکات یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. (هاوەڵناو وشەیەکی واتادارە، <u>بە وشەی پێش و پاش خۆیەوە نالکێ</u>).**

**دیارخەری ناو/ نموونە: هەناری ترش بەتامە.**

**تەواوکەری کاری ناتەواو/ نموونە: ئاوەکە سارد بوو.**

**هاوەڵناوی چۆنییەتیی پێکدێ لەم بەشانە:**

**ڕەنگ/ سوور، شین، سپی، مۆر...**

**تام/ ترش، تفت، سوێر، تاڵ، شیرین...**

**وشه پێچەوانەکان: سارد گەرم، قەڵەو لاواز، بەرز نزم...**

**هاوەڵناوی چۆنییەتیی لە زماندا (پلە) وەردەگرێت:**

**-هەموو هاوەڵناوێکی چۆنییەتیی پێی دەوترێت پلەی تایبەت. نموونە: ڕەش، مزر، سارد...**

**-هاوەڵناوی چۆنییەتیی پاشگری (تر) وەردەگرێت و پێوەی دەلکێت پێی دەوترێت پلەی بەراورد:**

**هاوەڵناوی چۆنییەتیی + تر = هاوەڵناوی پلەی بەراورد. نموونە: ڕەشتر، مزرتر، ساردتر...**

**-هاوەڵناوی چۆنییەتیی پاشگری (ترین) وەردەگرێت و پێوەی دەلکێت، پێی دەوترێت هەوەڵناوی پلەی باڵا:**

**هاوەڵناوی چۆنییەتیی + ترین = هاوەڵناوی پلەی باڵا. نموونە: ڕەشترین، مزرترین، ساردترین...**

**هاوەڵناو لە ڕووی داڕشتنەوە:**

**لە زمانی کوردییدا داڕشتنی هاوەڵناو بۆ وشەی سادە و ناسادە دابەش دەبێت.**

**یەکەم/ هاوەڵناوی سادە: وەک وشەیەکی سەربەخۆی واتادار بە تەنیا دەنووسرێت، بە وشەکانی پێش یان دوای خۆیەوە نالکێت. نموونە: ئاوی سازگار بۆ خواردنەوە دەشێ.**

**دووەم/ هاوەڵناوی ناسادە بۆ داڕێژراو و لێکدراو دابەش دەبن.**

**هاوەڵناوی داڕێژراو: وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە، لەگەڵ پێشگر یان پاشگر، هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت، واتە: پێشگر یان پاشگر دەلکێت بە بەشە سەربەخۆکەیەوە، هەمووی پێکەوە واتایەکی نوێ درووستدەکەن.**

**نموونە: ڕووناک، نەخۆش، بەختیار، بریندار، بەتام، بەناز، نووسەر، گەڕۆک، فرۆشتار، گەڕیدە، زانا لەگەڵ نەگۆڕ.**

**هاوەڵناوی لێکدراو: لە دوو وشەی سادەی واتادار پێکدێ، هەندێکجار پێشگر یان پاشگری لەگەڵە، بەسەریەکەوە دەنووسرێت، لەبەر ئەوەی هەموویان بەیەکەوە واتایەکی نوێ درووستدەکەن.**

**نموونە: چاوباز، بەژنچنار، ڕووبەخاڵ، ژێردەست، بندیوار، دڵپاک، باڵابەرز، شۆڕەسوار، ڕەشئەسمەر لەگەڵ خەباتکەر.**

## لە پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی سێیەم)

## وانەی دووەم چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی هاوەڵناوی ژمارەیی

**چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (هاوەڵناوی ژمارەیی):**

**ئاوەڵناو وشەیەکە وەسفی ناو دەکات، لەناو ڕستەدا دەبێتە دیارخەری ناو و گرێ دروەستدەکات (هاوەڵناو وشەیەکی واتادارە، بە وشەی پێش و پاش خۆیەوە نالکێ).**

**هاوەڵناوی ژمارەیی بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:**

**یەکەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی: بریتییە لەو ژمارەیەی کە ناوێک دەبژێرێت، لەگەڵ ناوەکەدا گرێ دروەستدەکات، هاوەڵناوە ژمارەییەکە وەک وشەیەکی واتادار سەربەخۆ دەنووسرێت و نالکێت بە وشەی پێش یان پاشی خۆیەوە.**

**ژمارە یەک تا نۆ پێی دەوترێت هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە، لەناو ڕستەدا سەربەخۆ ڕێنووس دەکرێ.**

**نموونە: چوار قەڵەم دەکڕم.**

**ژمارە دە و چەنجارەکانی وەکو دە، بیست، سی،... پێی دەوترێت هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سەرەگرێ، لە ڕستەدا سەربەخۆ ڕێنووس دەکرێت. نموونە: بیست پەرتووکی کڕی.**

**ژمارە یازدە تا نۆزدە پێی دەوترێت هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی تێکەڵ، بەم شێوەیە ڕێنووس دەکرێ: (یازدە، دوازدە، سیازدە، چواردە، پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە لەگەڵ نۆزدە).**

**ژمارە بیست و یەک بۆ سەرەوە، پێی دەوترێت هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو، لەبەر ئەوەی ژمارە لێرەبەدواوە گەورە دەبێ، هەر ژمارەیەک ببژێردری، ئامرازی لێکدەری (و) دەخرێتە نێوانی ژمارەکان، نموونە: چوارسەد و هەشتا و شەش پەرتووکی هەیە.**

**دووەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن: بەو هاوەڵناوە ژمارەییانە دەوترێت کە جۆرێک ڕیزبەندی بە بژاردنی ناوەکان دەدەن، ژمارە و پاشگرەکان پێکەوە دەلکێن.**

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن بەپێی دوو یاسا درووست دەبێ:

هاوەڵناوی ژمارەیی + ەم = هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن. نموونە: خوێندکاری یەکەم زیرەکە.

هاوەڵناوی ژمارەیی + ەمین = هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن. نموونە: یەکەمین مرۆڤ کێ بوو کە چووە سەرمانگ؟

**سێیەم**/ هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی: بریتییە لەو ژمارەیەی کە بەشێک لە ژمارەیەکی تەواو پیشاندەدات، وشەیەکی واتادارە و بەتەنیا ڕێنووس دەکرێت، نالکێت بە وشەی پێش یان پاشی خۆیەوە. نموونە: نیوەی نانەکەم خوارد.

ئەگەر ژمارە کەرتییەکە سەرە یەک و ژێرە سێ بۆ نۆ بێت، ژمارەکە سەربەخۆ ڕێنووس دەکرێ. سێیەکی وێنەکەم تەواوکرد.

ئەگەر ژمارە کەرتییەکە سەرە دوو زیاتر بێ و ژێرەش سێ زیاتر بێ، بەم شێوەیە ڕینووس دەکرێ. نموونە: دوو لەسەر شەشی دیوارەکەم بۆیاخ کرد.

ئەگەر ژمارەکە کەرتی دەیی بوو، بەم شێوەیە ڕێنووس دەکرێ. نموونە: لەسەدا هەژدەی کارەکانم ئەنجامدا.

## لە پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی سێیەم)

## وانەی سێیەم چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی هاوەڵناوی بکەری و کراو

یەکەم/ چۆنییەتیی ڕێنووسکردنی (هاوەڵناوی بکەریی دارێژراو و لێکدراو)

وشەیەکە بەهۆی چاوگەوە لەگەڵ پێشگر و پاشگر دێتە درووستکردن (هاوەڵناو وشەیەکی واتادارە، پێکەوە ڕێنووس دەکرێت، بە وشەی پێش و پاش خۆیەوە نالکێت).

هاوەڵناوی بکەری دارێژراو:

نموونە بۆ قەدی چاوگ: نووستوو، مردوو، فڕیو، بەزیو، خوێندەوار. کەڵەشێری بەزیو شەڕناکات. منداڵی نووستوو بەخەبەر مەهێنە.

نموونە بۆ ڕەگی چاوگ: نووسەر، خوێنەر، فرۆشیار، گەڕۆک، کوشندە. بخۆر. مرۆڤی نووسەر خوێنەر و

ڕووناكبیره. دەردی كوشندە دەرمانی نییه.

نموونه بۆ ناوی واتایی و پاشگر: تاوانبار، ستەمكار، پەروەردگار، ترسناک، خەمناک. پەروەردگار مرۆڤی ستەمكار نابەخشێ.

نموونه بۆ ناوی بەرجەستە و پاشگر: نانەوا، شاخەوان، باڵندە، سەروەر. مرۆڤی سەروەر سەربەرزە.

هاوەڵناوی بكەری لێكدراو:

نموونه بۆ ناو و ڕەگی چاوگ: پیاوكوژ، خواپەرست. مرۆڤی پیاوكوژ تاوانبارە.

نموونه بۆ هاوەڵناو و ڕەگی چاوگ: كەچبین، تیژڕەو. شۆفێری تیژڕەو تووشی زیان دەبێ.

نموونه بۆ هاوەڵكار و ڕەگی چاوگ: كەمخۆر، زۆرخۆر، كەسی خۆخۆر لە ژیاندا شكستدەخوات.

نموونه بۆ ناو و ڕەگی چاوگ و پاشگر: نانخۆر، خەباتكەر. مرۆڤی خەباتكەر ورەبەرنادا.

نموونه بۆ جێناوی خۆیی و ڕەگی چاوگ: خۆبین، خۆڕاگر، خۆهەڵكێش، خۆلەناوبەر. كەسی خۆهەڵكێش كەس گوێی بۆ ناگرێ.

**دووەم/** چۆنییەتیی ڕێنووسكردنی (هاوەڵناوی كراوی داڕێژراو و لێكدراو)

وشەیەكە بەهۆی چاوگەوە لەگەڵ پێشگر و پاشگر دێتە درووستكردن (هاوەڵناو وشەیەكی واتادارە، <u>پێكەوە ڕێنووسدەكرێت</u>، بە وشەی پێش و پاش خۆیەوە <u>نالكێت</u>)

هاوەڵناوی كراوی داڕێژراو:

نموونه بۆ ڕەگی چاوگ و پاشگر: خنكێنراو، هەڵواسراو، سەپێنراو. نامەی نووسراو كۆدەكاتەوە.

نموونه بۆ قەدی چاوگ و پاشگر: هەڵبژاردە، كردە، خواردە. مرۆڤی هەڵبژاردە بۆ هاوڕێیەتی باشە.

هاوەڵناوی كراوی لێكدراو:

نموونه بۆ ناو و ڕەگی چاوگ: سەرتاشراو، سەربڕاو.

نموونه بۆ هاوەڵناو و ڕەگی چاوگ: ماڵسووتا و ڕەشهەڵگەراو.

نموونه بۆ قەدی چاوگ و پاشگر: كۆچكردوو، سەركەوتوو، سەرخستوو.

نموونه: (دڵشكاو) مرۆڤی دڵشكاو غەمبارە.

نموونه: (جەرگبڕاو) دایكانی جەرگبڕاو جێگەی بەزەیین.

نموونه: (ماڵسووتاو) پیاوی ماڵسووتاو دەبێ لەسەرەتاوە دەستپێبكاتەوە.

## لە پێناوی ڕێنووسێکی باشتر (بەشی چوارەم)

## وانەی یەکەم چۆنێتی ڕێنووسکردنی ناوی بیانیی

زمانی کوردیی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی دنیا، زیاتر لە دەیان ملیۆن قسە پێکەری هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندوو ئەوەیە کە بەردەوام وشە دەبەخشێ یان وشە وەردەگرێ، زمانی کوردیی بە دوو ڕێگە وشە وەردەگرێ، یەکێکیان لە ڕێگەی کۆمەڵەی زمانە هندۆئەورووپییەکانەوەیە، دووەمیان لە ڕێگەی زمانی گەلە دراوسێکانی کوردەوەیە. بەهەر ڕێگەیەک لەم ڕێگایانە وشە بێتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆ ڕێنووسکردنیان دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.

**یەکەم**/ ئەو وشانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و کەوتوونەتە ژێر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، قسەکەری کورد چۆن دەیڵێ، دەبێ وا بنووسرێ:

1-ئەو وشانەی بە نزیکەیی هەموو شێوەزارێک بەیەک شێوە فۆنەتیک دەیڵێن. نموونە: جانتا، تەلەفیزۆن، مۆبایل، ئەڵڵا، سەدام، ئوممەی عەرەبی، بەینەمیلەلیی. چۆن دەوترێت دەبێ وابنووسرێ.

2-ئەو وشانەی کە هەر بەشە شێوەزارێ لە زمانی کوردیی بە فۆنەتیکی ناوچەیی خۆیان دەیڵێن، چۆن دەوترێت دەبێ وابنووسرێ. نموونە: بەغداد بەغا یان بەغدا. حوسێن، حسێن، حسەین.

**دووەم**/ هەندێک جار وشە عەرەبییەکان بە پیتی عەرەبی دەنووسرێت، لەکاتێکدا هەندێک لەو پیتە عەرەبییانە لە زمانی ئێمەدا نییە، واتە: بە تێکەڵەیەک لە پیتی عەرەبی و کوردیی دەنووسرێت. نموونە: شێخ ڕضا پێویستە بنووسرێ شێخ ڕەزا، موصل پێویستە بنووسرێ موسڵ.

**سێیەم**/ هەندێک جار لەگەڵ وشە کوردییەکەدا وشەی عەرەبیش بەهەمان واتای کوردییەکە دەنووسێ. نموونە: هەست و شعور، ڕێز و ئیحتیرام، جێگە و مقام، ساغ و سەلیم، قانون و یاسا. دەکرێت تەنیا وشە کوردییەکە بنووسرێ تەواوە. بەگشتی هەموو وشەیەکی بیانی دەبێ بەڕێنووسی کوردیی بنووسرێ، نەک بە ڕێنووسی ئەو زمانەی لێمان وەرگرتووە.

**چوارەم/** هەندێک وشەی کوردیی ڕەسەن هەیە، لەکاتی نووسینیدا پیتی عەرەبی تێکەڵ دەکرێت یان هەر بە هەڵە دەنووسرێ:

وشەی ژمارە (سەد) بە (سەت، صەت، سە، صە) هەندێک جار وشە بە پیتی بیانی یان بە هەڵە بنووسرێ، لەوانەیە واتای جیاواز بگەیەنێ، نموونە: وشەی (سە) لە ناوچەی پشدەر بە (سەگ) دەوترێ، نەک نە ژمارە (سەد).

**پێنجەم/** هەندێک وشەی کوردیی ڕەسەن هەیە، بەپێی شێوەزارەکان بەچەند فۆنەتیکێکی جیاواز دەوترێت و دەنووسرێ: سلێمانی، سولێمانی، سلەیمانی. ئەم فرە ڕێنووسییە گرفتە بۆ ڕێنووسی زمانی کوردیی.